## شیما وەلی:

# کچان دەتوانن رکابەریی کوڕان بکەن،

**کچە یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر شیما وەلی یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی ئەم یارییە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦ە، ئەم کچە یاریزانە سەرەتای وەرزشی لە یاریی تایکواندۆ بوو، کاتێك لە ریزی یانەی ئارارات یاری دەکرد و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری کرد و یەکێك بوو لە یاریزانە پاڵەوانەکان لە ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەم یاریەی جێهێشت رووی کردە گۆڕەپان و مەیدان، کە پەیوەندی بە یانەی هەولێر کرد و تا ئێستاش لەم یانەیە بەردەوامە، بەشداری لە پاڵەوانێتیی هەڵبژاردەی پارێزگاکانی کوردستان کرد، کە توانی لە راکردنی ١٥٠٠م پلەی دووەم بە دەست بهێنێت و لە راکردنی ٥٠٠٠م پلەی سێیەمی بە دەستهێنا،لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

دیمانە: رێبین رەمزی

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- لە منداڵییەوە حەزم لەم یارییە بوو.

*** چۆن دەڕوانییە ئاستی کچە یاریزانەکان؟**

- ئاستی کچە یاریزانەکان لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان زۆر باشە و رۆژ بە رۆژ پێش دەکەوێت.

*** وەکو کچە یاریزان کێشەتان چییە ؟**

- ئەوەی راستی بێت کێشەی گەورەی ئێمە کەمیی پاڵەوانێتییەکان، چونکە پێویستە لە ساڵێك زۆرترین پاڵەوانێتیی ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بتوانین ئاستمان بەرزبکەینەوە، هەروەها کچەکان پێویستیان بە ئەنجامدانی ئۆردوگای مەشقی هەیە لە دەرەوە، هەروەها ژمارەی کچە یاریزانەکان زۆر کەمە پێویستە هەوڵ بدرێت ژمارەیان زیاد بکرێت، جا چ سوود لە یاریزانەکانی شارەکان وەربگرێت یاخود لە دەرەوەی شارەکان بهێنن بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ کچەکانی تر.

*** هۆکاری کەمیی کچە یاریزان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکاری یەکەم بۆ خانەوادەکان دەگەڕێتەوە، کە رێگە نادەن کچەکانیان روو لە وەرزش بکەن چونکە هێشتا لەوە نەگەیشتوون، کە کچ دەتوانێ زۆر شت بکات شانبەشانی کوڕان، بەڵکو لە کوڕان زیاتر دەتوانن ئەنجام بەدەست بهێنێت و باشتر بن، دەبێت خانەوادەکان متمانەیان بە کچەکانیان هەبێت، کە لە توانیان هەیە سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاسی دایك و باوکم دەکەم کە رێخۆشکەر بوون بۆ هاتنم بۆ نێو بواری وەرزش.

*** تا چەند لە ئاستی خۆت رازیت؟**

- زۆر لە ئاستی خۆم رازیم و لە مەشقکردندا زۆر ماندوو دەبم و مەشقێکی یەکجار زۆر دەکەم، چونکە بە مەشق کردن ئاستم پێش دەکەوێت و زۆر باوەڕم بە ئاستی خۆم هەیە و زۆر سوپاسی راهێنەرەکەم مامۆستا رێبوار دەکەم، کە لەگەڵم ماندوو دەبێت و منی گەیاندە لووتکە.

*** چ بکرێت بۆ ئەوەی کچ زیاتر روو لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان بکات؟**

- شتێك هەیە، کە رەنگە کەس درکی پێ نەکردبێت، ئەوەیش زۆر کچ هەیە، کە نازانیت لە هەولێر یاریی گۆڕەپان و مەیدانی تایبەت بە کچان هەیە، بۆیە دەبێت لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندن بانگەشە بۆ ئەم یارییە بکرێت تاکو کچ زیاتر روو لەم یارییە بکات ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتی و یەك دەستی هەموو لایەك هەیە.

# تەنیا پێویستییان بە متمانە هەیە



*** هیوا و ئاواتت چییە؟**

- خـــەون بەو رۆژە دەبینم، کە لە یەکێك لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان ئاڵای کوردستان بەرزبکەمەوە و سروودی نیشتمانی وڵاتەکەم کوردستان گوێبیست بم.

*** پەیامـــت بۆ خانـــەوادەکان چییە تاکو کچان بێننە نێو وەرزش؟**


- هیوادارم خانەوادەکان زیاتر بایەخ بە کچەکانیان بدەن بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بکەن، چونکە ئاســـتی کچان لە کوڕان بەرزترە ئەمە تەنیا قسە نییە، بەڵکو بە بەڵگە ســـەلمێندراوە، یاریزانانی کوڕ پارەیەکی زۆر وەردەگرن، کەچـــی هیچ ئەنجامێکیان نییە، کەچی یاریزانانی کچ پارەیەکی یەکجار کەم وەردەگـــرن دەتوانین بڵێن رەمزییە، کەچی ئاســـتیان بەرزە و دەستکەوتی زیاتریان هەیە، بۆیە دەبێت لـــە هەموو روویەکەوە پشـــتگیری لە یاریزانی کچ بکرێت.


*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوای ســـەرکەوتن بۆ هەموو کچـــە یاریزانێك دەخوازم و ئومێـــدەوارم لە لایەنـــە پەیوەندارەکان زیاتـــر بایەخ بە کچە یاریزان بدەن و پاڵپشـــتیان بن و هاوکاریـــان بن بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشی ئافرەتان زیاتر پێش بکەوێت.

# ریكاردۆ كاكا: كریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی باشترین یاریزان بووە شان بەشانی یاریم كردبێت

یاریزانی یانەی ئەی سی میلان ریكاردۆ كاكای بەرازیلی ئاماژەی بۆ ئەوەكرد یاریزانی یانەی شاهانە كریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی باشترین یاریزان بووە كە لەژیانی وەرزشی یاری لەگەڵ كردووە. ئەمەو ریكاردۆ كاكا لەپەیجی تایبەتـــی خۆی لەتۆڕی كۆمەڵایەتی تویتەر بۆ هەوادارانی نوســیویەتی باشـــترین یاریزان كە كاكا لەدژی یاری كردبێت هەریەك لە زینەدین زیدانی فەرەنسی و لیۆنیل میسی ئەرژەنتین بوونە، بەڵام باشترین یاریزان شان بەشانی یاری كردبێت كریســـتیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالیە بووە. ســەبارەت بە ســیدۆرفی ڕاهێنەری ئێســتای یانەكەی، كاكا ڕایگەیاند ڕاهێنەرێكی باشــە و دەســكەوتیش بەدەســت دەهێنێت لەگەڵ ڕۆسۆنیروی، چونكە یاریزانێكی بەتوانابووە و ئەزموونێكی باشی هەیە.





# فلیپ لام.
# سەردەمی یانەی بەرشلۆنە بەسەرچوو

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و بەرگریکاری یانەی بایرەن میونشن فلیپ لام پێشبینی دەکات تیپی بەرشلۆنەی ئیسپانی ئەو یانەیە نەبێت کە بۆ بەدەست هێنانی جامی پاڵەوانەکانی ئەوروپا بپاڵێوریێت وەك ساڵانی رابردوو. ئەمەو دوای ئەوەی یانەی بایرەن میونش توانی لەیاریی کۆتایی جامی پاڵەوانەکانی پاری ئەوروپا بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی لەهاونیشتمانییەکەی برۆسیا دۆرتمۆند بەئەنجامی ٢-١ یاریەکەی بردەوە. لەم بارەیەوەش فلیپ لام بۆ گۆڤاری کیکەر راگەیاند : هیوادەخوازم بتوانین بەرگری لە نازناو و بردنەوەی پاڵەوانییەتی ئەوروپا بکەین بۆ جارێکی تر، بەڵام لەئێستادا ژمارەیەك تیپ هەیە کە لەتوانایان هەیە بتوانن نازناوی ئەم ساڵ بەدەست بهێنێت بەتایبەت یانەی بەرشلۆنە کە سەرجەم ئەو یانەیە دەپاڵێون بۆ بەدەست هێنانی ئەم نازناوە. لەکۆتایی قسەکانیدا لام وتی بۆ نموونە تیپێکی دیاریکراو نییە بتوانم دەست نیشانی بکەم بۆ بەدەست هێنانی جامی ئەم ساڵ، بەڵام من بۆچوونم وایە کە ریال مەدرید ئەو نازناوە بەدەست بهێنێت کە بە بەربەستێکی گەورەی بەردەممان دایدەنێم.



# پلیگرینی: لەئەگەری هاتنی ئیسکۆ بۆ مان ستی درەوشانەوە بەخۆیەوە دەبینێت

بەڕێوەبەری هونەری یانەی مانچستەرستی پێشبینی دەکات ئاستی دروستکەری یاری، یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئیسکۆ درەوشانەوەیەك بەخۆی ببینێت لەئەگەری هاتنی بۆ ریزی یانەی مانچستەرستی بەتایبەت لەماوەی گواستنەوەی داهاتووی هاوینەدا . ئەم لێدوانەی پلیگرینی لەکاتێکدایە کە پێشتر یاریزان ئیسکۆ لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەری هونەری چیلی لە یانەی مەلەگە یاری کردووە بەر لەوەی بچێتە ریزی یانەی شاهانە لە یۆنیۆی رابردوودا. هەروەها پلیگرینی بۆ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی روونیکردەوە کە هیوادەخوازێت ئەو یاریزانە بگوازرێتەوە یانەی مان ستی و ئەو هەنگاوەش بەهەنگاوێکی گەورە دەزانێت، بەڵام هیواداره بەسەر بارودۆخەکان زاڵ بێت. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا پلیگرینی رایگەیاند ئیسکۆ یاریزانێکی بەتوانایە، بەڵام نەبۆتە یەکێك لەباشترین یاریزانەکانی جیهان، بەڵکو پێویستی بەیاریی بەردەوام و پلان هەیە، چونکە سەرجەم بنەما سەرەکییەکانی یاریزانێکی لێهاتووی تێدایە.

# لە پاڵەوانێتیی گۆڕەپان و مەیدانی کاتانیا کوردێک مەدالیای زیوی بەدەست هێنا

لە وڵاتی ئیتالیا گەشـــە شـــێرزاد کوڕە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئاڵا و شـــاری ســـۆران بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەشـــداری کرد لە پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی باوانتی لە شاری کاتانیای وڵاتی ئیتالیا لەم پاڵەوانێتییەش٢٣ یاریزانانی لە ٢٣ وڵاتانی جیهانی بەشـــدارییان لە پاڵەوانێتییەکە کردبوو کە ماوەی ڕاکردنەکەی ١٥٠٠کم بوو، لە پاڵەوانێتییەکەشـــدا یاریزانانی بەشدار بوو لە ئاســـتێکی بەرزدا بوون بۆ بەدەست هێنانی پلەی یەکەمی پاڵەوانێتییەکە لەم ناوەشـــدا یاریزانی کوردی دانیشتووی قەزای سۆران گەشە شێرزاد توانی پلەی دووەم و مەدالیای زیو لە نێوان ٢٣ وڵاتی جیهانی بەدەســـت بهێنێت، لەم بارەشـــەوە گەشە شـــێرزاد بۆ بۆگۆڤاری گوڵان گوتی» ئەم پاڵەوانێتیە لە کاتانیا بوو لە وڵاتی ئیتالیا منیش لە ڕێگای مامۆستا بەهرۆز کە کوردێکی دانیشتووی وڵاتی ئیتالیایە هاوکاری کردم بۆ ئەوەی بەشـــداری ئەم پاڵەوانێتییە بکەم و خۆشبەختانە دوای ئامادەکارییەکی باش توانیم ئاستێکی شایستە بەخۆم بەدەست بهێنم و بە ناوی کوردستانیش بەشداریم کردو کە مەدالیای زیوم بەدەست هێنا هەموویان زانیان کوردم و لە کوردستان بەشداریم کردووە، بە هیوای ئەوەشم بەشـــداری زیاتر لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیەکان بکەم بۆ ئەوەی ئاستی شایســـتە تر و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەســـت بهێنـــم، لێـــرەوە دەمەوێ سوپاســـی مامۆســـتا بەهرۆز بکەم کە هەموو پارەی ئـــەو پاڵەوانێتیەکە لەسە ر ئەرکی ئەو بوو بەشداریم کردو هیـــوادارم حکومەتـــی هەرێمیش هاوکاریمـــان بکات بۆ ئـــەوەی بتوانم لە پاڵەوانێتی زیاتر بەشداربم.



## کوڕانی هەولێر و کچانی سلێمانی نـــ

لە هۆڵی یانەی شەقڵاوە بە ئامادەبوونی هەریەك لە مامۆستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشـــتیی پـــەروەردەی هەولێرو هەڵۆ دزەیـــی بەڕێوەبەری گشـــتیی وەرزش و هونەر لـــە وەزارەتی پـــەروەردە و قایمقامی قەزای شـــەقڵاوە و ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی دوایین یارییەکانی خولی باسکەی پەروەردە گشـــتییەکانی ســـەر ئاســـتی هەرێم بەڕێوەچوو، لە ئاستی کچاندا لـــە یارییەکی بەهێزدا هەردوو باســـکەی هەڵبژاردەی پـــەروەردەی ســـلێمانی و دهۆك رووبـــەڕووی یەکتری بوونەوە لەم یارییەشـــدا کچانی هەردوو هەڵبـــژاردە بە درێژایی ماوەی یارییەکە ئاســـتێکی بەرزی یاریی باســـکەیان پێشکەش کرد و سەرئەنجامیش هەڵبژاردەی سلێمانی توانی یارییەکە بباتەوە بە ئەنجامی(٤٠-٣١)خاڵ و بەم ئەنجامە هەڵبژاردەی ســـلێمانی

## نەورۆز
## لە پێشڕەوی کردن بەردەوامە

دوای ئەوەی یانەی نەورۆز ئەرکـــی ڕاهێنەرایەتی لە قۆناغی دووەم بە ڕاهێنەری پێشووی یانەی شەهیدانی دەروازەی ڕاپەڕین ئەرسەلان جەلال سپارد بۆ بەڕێوەبردنی یانەی نەورۆز لە قۆناغی دووەم کە ئاســـتی یانەکە وەکو پێویســـت نەبوو لـــە یارییەکانی قۆناغی یەکەم، لەم قۆناغەشـــدا لەگەڵ دەســـت بەرکار بوونی ئەرســـەلان جەلال ئاســـتی یانەی نەورۆز بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیـــەوە بینیوە لە کـــۆی ئەنجامدانی ٣ یاریی یانەکە حەفت خاڵی گرنگی بەدەست هێناوە و یانەکە چەند خانەیەك هەنگاوی نـــاوە و کـــۆی خاڵەکانی بـــۆ ٢٠ خاڵ بەرز بۆتـــەوە لە پلەی یازدەهەمی خولەکە دێت، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری یانەی وەرزشـــی نەورۆز بۆ گۆڤاری گـــوڵان گوتی: ئێمە کە دەست بەکار بووین وەکو ستافی ڕاهێنەری تازە مەشقێکی باشمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی تیپەکە ســـەر لەنوێ ڕێك بخەینەوە، دواتریش گۆڕانکاریمان لە شێوازی یاری و لە شێوازی دانەوەی مەشقەکان کرد، لە هەمان کاتیشدا گۆڕانکاریمان لە شێوازی یاری کردنی هێڵـــی یاریزانان کرد، گۆڕانکاریمان لە هەڵســـوکەوتی یاریزانان کرد، بۆ ئەوەی بمانەوێ ئاســـتمان بەرەو پێش بچێت پێویستمان بە چەند یاریزانێکی پیشـــەگەر هەیە، هەر چەندە بەخۆم چەند یاریزانێکی پیشـــەگەرم لایە بۆیە لە ئێستا ئەگەر هەبێت ڕەنگە بهینین، بەڵام ئەگەر پێویستمان پێ نەبێت ناهێنین، گوتیشی بۆ یاری، ئێمە هەوڵ دەدەین خۆمان لە ریزبەندی یانەکانی خولەکە نزیك بکەینەوە، هەوڵ دەدەین هیچ یارییەك خاڵ لە دەست نەدەین چونکە هەموو یارییەك بۆ ئێمە گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت چونکە لە قۆناغی یەکەم ئاستمان وەکو پێویست نەبوو، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە لە پێکهاتەی یانەکەمان بەهیوای ئەوەین باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین.

# ـــــازناوی باسکەی پەروەردە گشتییەکانیان بەدەست هێنا



نازناوەکەی بەدەست هێنا و کچانی هەڵبژاردەی هەولێریش پلەی دووەمی بەدەست هێنا، لە ئاستی کوڕانیش لە دوایین یارییەکانی خولەکە کوڕانی هەولێر و کوڕانی دهۆك بەیەك گەیشـــتن، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو هەڵبژاردە ئاستێکی یەکجار بەرزی یاریی باسکەیان پێشکەش کردو کوڕانی هەولێریش بە لێهاتوویی خۆیان توانیان کۆنترۆڵی یاریگا بکەن و سووربن لەسەر بەدەست هێنانی نازناوی خولەکە بۆ دووەم ســاڵ لەسەر یەکتری توانیان یارییەکەش بــە ئەنجامی (٦٠-٤٧)خاڵ بە جیاوازیی ١٣ خاڵ یارییەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیان بە کۆتایی هێناو نازناوەکەیان بۆ پایتەخت هێنایەوە و کوڕانی دهۆکیش بە پلەی دووەم ڕازی بوو،دواتریـــش لەلایـــەن ئامادەبووان خەڵات و دیاری بەســەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا،



# خاک نازناوی کاراتێی کەرکوکی بەدەست هێنا



بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریی کاراتێ لە شاری کەرکوك و خزمەت کردنی وەکو پێیوست لە چاو یارییە وەرزشیەکانی تر، بەسەرپەرشتیی لقی کەرکوکی یەکێتیی کاراتێی کوردستان و بە هاوکاری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی پاڵەوانێتیی کاراتێی یانەکانی شاری کەرکوك بە بەشداری هەریەك لە یانەکانی (خاك، شـــۆریجە، کەیوان، پێشەوا، ســـۆلاڤی نوێ، سەورە) لە هەردوو ئاســـتی تازە پێگەیشتوان و لاوان و پێشـــکەوتووان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشـــدا یاریزانانی بەشـــداربووی پاڵەوانێتییەکە ئاســـتێکی بەرزیان پێشـــکەش کرد و هەوڵیان دەدا بۆ بەدەست هێنانی نازناوەکە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

**ئاستی تازە پێگەیشتوان**

١-خاك

٢-شۆریجە

**ئاستی لاوان**

١-خاك

٢-شۆریجە

**ئاستی پێشکەوتوان**

١-خاك

٢-سۆلاڤی نوێ